# گفتوگۆ لەگەڵ بەهار مونزیرو شیرین محسن سەبارەت بە کێشەکانی ژنانو کچانی کورد لە نەرویج

**سازدانی جمال محسن**

جمال محسن: لەم ڕۆژانەی پێشوودا‌و وەك بەشێك لە چالاكییەكانی 8 ی مارس، لە هەردوو شاری ئۆسلۆو فرێدریكستاد باسێكتان هەبوو سەبارەت بە وەزعیەتی ژنانو كچانی كورد لە نەرویج. سەرەتا یەكەم پرسیار لە بەهار مونزیر ئەكەین:

ئایا ئێوە مەبەستتان لەم باسە یان مەسەلەیە چییەو لە قسەو باسەكانی سیمینارەكانتاندا هەندێ كێشەتان خستە ڕوو. گەر بكرێت بە كورتی باسێكی ئەو كێشانە بكەن.

بەهار مونزیر: ئێمە ئەمساڵ لە نەرویج پێمان باش بوو كە تەركیز بخەینە سەر باسی مەسەلەی ژنانی كوردستان. وە زۆر بە پێویستمان زانی ئەم كێشانەی كە لەم وولاتەدا هەیە بیخەینە بەرچاو. ئەوە بوو بۆ ئەم مەبەستە ئێمە مێزگردێكمان دانا لە ئۆسلۆ كە كەسانی تریش وەك ئەزانن بەشداربوون. لە وولاتی نەرویج ژنانو كچانی كورد وەك یەكێكی تر لە كەمایەتیەكانی ئەم وولاتە كێشەی جدیان هەیە. بۆیە باسەكانمان كردە دوو بەش چونكە ژنانو كچان ئەتوانم بڵێم كێشەكانیان كەمێك جیاوازە...

"كوشتنی ناموسی" تا ئێستا یەكێك لەدژوارترین دیاردەیە كەلەولاتانی ئەوروپا بەرەو رووی ژنانی كورد دەبیتەوە و تراژیدایی دژی ئینسانی دەخولقێنێ و ئەمە سەرەكیترین كیشەیە لەچاو كێشانەی ڕووبەڕووی ژنان دەبێتەوە. چەند مانگ لەمەوبەر ژنێك كوردی ئێران بە دەستی هاوسەری پێشووی كوژرا لەبەردەم شەڵتەری ژناندا لە شاری درامن. وە لە شاری هالدن ژنێك بە هەمان شێوە كوژرا. وە هاوسەرەكەی ماڵەكەشی سووتاند دوای كوشتنی. ئەمانە دیاردەی جدیو ترسناكن كە هەڕەشە لە گیانی ژنان ئەكات. زۆر لە ژنانی كورد لێرە دوای جیابوونەوە هەڕەشەی كوشتنیان لێ ئەكرێت لە لایەن هاوسەرەكانیانەوە. كە ئێمە وەك ڕێكخراوی خۆمان لە چەند كێشەی لەم بابەتەدا كارمان كردووە. مەسەلەیەكی تر مەسەلەی نامووسە. وە ئەمەش بۆتە كێشەیەكی جدی بۆ ژنانو كچانی كوردی ئەم وولاتە كە بە بۆنەی پاراستنی ئەم شتە "موقەدەس" ەوە ژنانو كچان لێیان ئەدرێت، ئیهانە ئەكرێنو سوكایەتیو بێحورمەتی یان پێ ئەكرێت. خێزانەكان لە كوردستانەوە تەحەكوم بەسەر ژیانی ژناندا ئەكەن. وە هەتا لە كاتی جیابوونەوەشدا ئەبێت نێرینەیەك ناموسی خێزان بپارێزێت وەك برا، باوك، یان مامو ...هتد.

كچانی كورد ئەناڵێنن بە دەست توندوتیژیەوە. وەك ووتم ئێمە لە چەند كێشەی جیاجیادا كارمان كردووە. كچان بە زۆر دەدرێن بە شوو، هەندێكیان دەبرێنەوە بۆ كوردستانو تا بیاندەن بەشوو هەتا گەر لە تەمەنی مناڵیشدا بن. واز لە خوێندن دەهێنن لەبەر ئەوەی خێزانەكانیان ئەترسن كە كچەكانیان كە لێرە گەورە دەبن تێكەڵ بن بە كۆمەڵگای نەرویجیو ئەمەش مەترسیە لای خێزانەكان، چونكە خەمی ئەوەیانە كچەكانیان پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ كوڕانی نەرویجیدا پێك بهێنن. كە ئەمەش لای ئەوان وەك "عەیبە" یەك وایە.

جمال محسن: بۆ پرسیاری دووەم ڕوو ئەكەینە شیرین محسن: ئێوە پێتان وایە هۆی بوونی ئەم كێشانە چیە؟ بۆچی ژنانی كوردزمان لە ئەوروپاش نەجاتیان نەبووە لە كێشەكانیانو بە تایبەتی ئەو كێشانەی بەهار باسی كردن بەشێكیان ڕێك وەك كێشەكانی ژنانن لە كوردستانو بگرە بە قورستری؟

شیرین محسن:یەكەمین هۆ كاركردی ئەوزاعی سیاسی كوردستانو عێراقە لەسەر وەزعی ژنانی ئێرە. بە داخەوە كە باڵادەستی ئیسلامی سیاسیو بە گشتی ناسیۆنالیزم لێرەش ڕەنگی داوەتەوەو قورسایی داناوە لەسەر ژیانی ژنان.

هۆیەكی تر سەرهەڵدانەوەی كولتوری دواكەوتوو و پیاوسالارانەیە. وابەستە بوون بە "كولتوری خۆ" وە لێرە و داكۆكی كردن لە كولتورەو پاراستنی وای كردووە كە ژنان زیاتر ببنە قوربانی دەستی ئەو فەرهەنگە دواكەوتوانەیە. هەروەها پاراستنی "فەرهەنگی خۆ" لە لایەن كەسانێكی ناو جالیەی كوردیەوە وای كردووە كە ئەو عادەتو تەقالیدە كۆنو ناشرینانە بژێننەوە لە دژی ژنان. وە دەوڵەتیش بە ناوی ڕێزگرتن لە فرەكولتوریەوە ڕەسمیەتی داوە بە پیاوسالاریو عادەتە دژە ژنیەكان. دەوڵەت لە هیچ شوێنێكی خۆیدا نەینووسیوە كە "ژنی كورد یان فلانە جالیە ئەبێ ژێر دەستە بێو مافی نییەو پیاوسالاری باشەو پارێزراوە" بەڵام لەژێر ناوی ئەوەی كە ئەوە "فەرهەنگی خۆیانە" دا دەمیان داخستوە لەبەرامبەر ئەو ژیانە تاڵەی ژنانو كچانی گەنج ڕۆژانە دەیبەنە سەر. هەر بۆیە دەبینین ژنان لێیان دەدرێت، زەختیان بۆ دەهێننو لێرەش ئازاد نین!

جمال محسن: پرسیاری تر بۆ هەردووكتان، بە كورتی نەزەری خۆتان لەسەر ئەوە بدەن كە ژنان چی بكەن بۆ ڕزگاربوون لەو كێشانەو ئێوەش وەك هەڵسوڕاوانێكی ڕێكخراوی ئازادی ژن چیتان لە دەستوردایە لەم بارەیەوە؟

بەهار: من داوا لەو ژنانە دەكەم كە ئەزانم كێشەی جدیان هەیە، لێیان ئەدرێت، سوكایەتیان پێ ئەكرێت، پەیوەندی بكەن بە ئێمەوە تا ئێمە بتوانین ئەو یارمەتیو ئیحتمالانەی كە لەم وولاتەدا هەیە نیشانیان بدەینو پێیان بڵێینو بەمجۆرەش دەستیان بگرین. وە پیاوانیش ئەوە بزانن كە ئێرە وولاتێكی ترە و پێویستە ئەو

فەرهەنگی پیاوسالاریە فڕێ بدەنو فەرهەنی ئینسانیو یەکسانیخوازی لە جێی ئەودا پیادە بکەن. هەرچەندە زۆر ڕێز لە کولتورەکان دەگیرێت بە داخەوە بە ناوی هەبوونی کولتوری هەمەجۆرە.... لێرە دەزگا ڕەسمییەکان مەسئولن لە پارێزگاری کردن لە ژیانی ژنانو کچانو ئێمەش بەش بە حاڵی خۆمان ئەو ڕێگایانە نیشانیان دەدەین. وەك ڕێکخراوی خۆمان ئێمە لە هەوڵی کاری جدی تردایین بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لە نەرویج.

بەتایبەتی چوونە ناو ژنانو کچانەوەو دروستکردنی پەیوەندی زیاتر لەگەڵیانو پەیوەندی زیاتریش لەگەڵ دەزگا ڕەسمیو دەوڵەتییەکان (کە هەر ئێستاش هەمانە) بۆ بە هاناوە هاتنی ژنانو کچانێك کە کێشەیان هەیە.

شیرین: بۆ ئەوەی ژنان ڕزگاریان بێتو دەربچن لەو کێشانە دەبێت بێنە مەیدانی خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان وە بە بەشداری لەگەڵ پیاوانی خوازیاری ئازادیو یەکسانی. ژنان دەبێت خۆیان خاوەنی شەخسیەتی خۆیان بن وە لە ڕووی ئابوریەوە سەربەخۆ بن، وە ئاشنا بن بە قانونو مافەکانیان کە لە وولاتانی دەرەوە لە بەرژەوەندیانە. وە ئەنتگرێر بن لە کۆمەڵگای نەرویجدا (واتە تێکەڵی ئەم کۆمەڵگایە بن). وە حساب بۆ هیچ عادەتو تەقالیدێکی داڕزیوانە نەکەن کە ژنان بە کەم دادەنێ.

من وەك هەڵسوڕاوێك پێم باشە ئەم کارانە بکەین، ڕێکخستنی هەر جۆرێك لە سیمینارو کۆڕو کۆبوونەوە بۆ هوشیارکردنەوەی ژنان بە مافەکانی خۆیان. و هەر بۆ ئەوەش نامیلکە دروست بکەین بۆ بلاوکردنەوە لە مەکتەبو شوێنە رەسمیەکاندا کە تیایدا بنووسین کە ئێمە وەك ڕێکخراو چارەسەری کێشەکانی ژنانو کچان دەکەینو داوایان لێ بکەین لە هەر کێشەیەکدا پەیوەندیمان پێوە بکەن.

بەهار: هەر ئێستا وا نامیلکەیەکمان سەبارەت بە زۆر بەشودانو ژنهێنان ئامادە کردووە.

شیرین: بەڵێ... هەروەها هەر وەکو چۆن لە شاری فرێدریکستاد پێشتر لۆکاڵمان هەبوو ئەکرێت شوێنی تری وا پەیدا بکەینەوەو بۆ ئەوەی دەوڵەت بەڕەسمی پەیوەندیمان پێوە بکەن هەر وەك چۆن پێشتریش پێیانەوە دەکردین.